# ناسکی قۆناغ و ئەستوری وورگ

عەلی مەحمود محەمەد

له دوای راپەرینەوه , لەو رۆژەوەی جەماوەری راپەڕی و ناوی خواو حەزرەتی غەوسی لیّ هێنا , هێزە سیاسییەکانی کوردستانی رزگار کرد لە شۆڕشە زۆر درێژ خایەن و شکستە یەك لە دوای یەکەکان و سێو رنین و غەریبی وولاتان , هێنایانییەوە سەر سفرەی گەرمی دەسەلاتدارییەتییەك , ئەوەی لەخەویش بیرییان لیّ نەکردبووەوە , ئەوەی لە بەرنامەی لانی زۆری زۆریشیاندا دانەنرابوو , ئەوە بوو . لەو ساتەوە تا ئێستا زۆرترین دەستەواژە لە پاداشتی راپەڕینی ئەو رۆژانە دەرخواردی خەلك درابێت ناسکی قۆناغ بووە .

کاریگەرتین چەك خۆی قوربانی بالاّی عەرعەری دەسەلاتداران کردبێت لە کوردستان , ناسکی قۆناغی شۆڕش و زەبری قۆناغی تفەنگ بووە . ئەوەی وەك دێوەزمە لە هەموو بۆنەکان , خۆشی ناخۆشییەکان , شەڕو شادییەکان ئامادە بوو بێت هەر قۆناغ بووە , ئەوەی لەسەر سفرەی خۆراك , هەوای هەناسە , موی بەر لووت نزیك تر بووە لێمانەوە قۆناغ بووە .

کاتێك داوای چۆڕێك ئاو بکەیت بۆ ئەوەی لە تێنا گلێنەی چاوەکانت زەرد نەبێت و نەخنکێیت , قۆناغی ناسك دەبێتە دەردو بەلاّو بۆت نازلّە بێت , وەك زالّوی ناو کانی رێگە لە ئاو خواردنەوەت دەگرێت , چونکە دەزانێت ئاو ئەگەر زۆر بێت قۆناغی ناسك رادەمالێت, داوای نانی رەق و کەرەکیفە لێدراو بکەیت , قۆناغ لە نانی هەورامی ناسکتر دەبێت و بە ئاهی حەزی تۆ هەپرون بە هەپرون دەبێت , بۆت دەبێت بە گوژالّك هەناوت بەرە داتەوە , داوای بەرد بکەیت تا بیدەیت بەسەری خۆتدا , دەبیتە هاوولاتییە خۆشەویستەکەی کوردستان و سەر و قۆناغ دەبنە دووانەو لە یەکترجیانابنەوە و دەتپارێزن لێی .

ئەگەر نارەزایەتی دەربڕیت بەرامبەر بچوکترین نا عەدالەتی , ئەوا ئەمجارە قۆناغی رەسەن بۆ خۆی ئامادە دەبێت , هێندەت پێدا دەکوتێت نەبێتەوە , وات لیّ دەکات تا ماویت سەری بۆ شۆڕ بکەیت و خزمەتکاری بەر دیوەخانی بکەیت و بە ناوهێنانی رابچەلّەکێیت .

دیارە ئەگەر بشتەوێت رێگایەکی دوور ببڕیت , قۆناغێکت دەوێت بۆ درێژەدان بە سەفەرە درێژ خایەنەکەت . ئەگەر دەستیش بدەیتە شۆڕشی درێژ خایەن , قۆناغت پێویستە بۆ هەلّخەلّەتاندنی ئەندامانی نویّ و فرۆشتنی خوێنی هاورێیانت , قۆناغ باشترین دەرمانی دەردی سیاسەتی رۆژە , بەردەوام قوربانیت بۆ ئامادە دەکات , کەی بتەوێت وەك داشی دامە دەتوانیت بە ئاسانی ئەم سەرو ئەوسەر بە قۆناغەکان بکەیت , لە شوێن یەکتر ریزییان بکەیت . زۆر لە سیاسەتدا ئەم گەمەیەمان پێکرا , جارێك بە قۆناغی شۆڕشی دیموکراتی , جارێکی کە بە قۆناغی رزگاری نیشتمانی , هەر ئەو ئێوارانەش بە قۆناغی شۆڕشی سۆسیالستی , مرۆڤەکان هەر یەکن , سکەکان بە یەك ئاواز گۆرانی دەچڕن , بەلاّم هەر یەکەو هەر کۆمەلّە و هەر رۆژەی سەربازی قۆناغێکین .

بەر پرسان ئەمرۆ چەندە عاشقی ووشەی قۆناغن بۆ پەردە پۆش کردنی کارە دزێوو هیچ و پوچەکانییان , لەسەردەمی قۆناغی خەباتی چەکدارییدا ئەوەندە زیاتر دژ بە قۆناغی تفەنگ بوون , کیّ بەرپرسێکی بینی تفەنگی قۆناغ داری پیّ بوو بێت ؟؟؟؟ , لەو کاتەدا قۆناغی تفەنگییان بە هەزاران هەلّدە گرت , بێقۆناغیش بۆ خۆیان . ئێستاش قۆناغی خەبات , قۆناغی برسێتی , قۆناغی دیکتاتۆری و قۆناغی ناسکییان پیّ هەلّەگرن .

یاسای خەباتی لە خشتە بردنی جەماوەر وایە , چەندە دەسەلاّت مەزنتر بێت , بە پێچەوانە قۆناغ ناسکترە بێت , ناسکێکی وا لەگەلّ دەم جولاّنی تۆدا , لەگەلّ یەکەم ووشەدا , بە بیّ برین خوێن لە جەستەیدا نامێنێت .

بەرپرسان تا دەسەلاّتییان زیاتر و گیرفانییان قەبەتر بێت , ژمارەی قۆناغەکانییان زۆرتر و ناسکترە بێت , قۆناغ برسییەتی و سك گوشینی زیاتری لە هەزاران دەوێت . ژمارەی ژن چەندە بەرەو سەر هەلّکشێت , دەرزەنی یار و دەستەی

سکرتێرەکان چەندە قەبەتر بێت , قۆناغی داواکاری ژنان نەرم و نییانتر دەبێت . چەندە تاوانباران مل ئەستورتر و ژمارەی قوربانییانی دەستییان زۆر تر بێت , ئەوا ناسکی قۆناغ مانگانە و دەسەڵاتییان بۆ دابینە کات , لە پاداشتی ئەوەی خۆیان لە ڕابردوو قۆناغ وەشێنی بە زەبر بوونە .

لە ماتماتیکدا پەیوەندی نێوان قۆناغ و ناسکی , قۆناغ و دەسەڵات , قۆناغ و مێبازی , قۆناغ و گەندەڵی , قۆناغ و دزی , قۆناغ و سەرکووت , قۆناغ و درۆ , قۆناغ و بازرگانی , قۆناغ و قۆناغ پەیوەندییەکی پێچەوانەیە . بەڵام پەیوەندی قۆناغ و تەوقی سەر و پشتی جەماوەر پەیوەندییەکی ماتماتیکی ڕاستەوانەیە . کەواتە با هەموو خەبات کەین دژ بە قۆناغەکان .